


# ڕاهێنانی کردارییی خولی فرۆشتن لە دۆخە سەختەکان




ئەگەر کێشەت هەبوو لە سکانکردن : کلیك بکە لە ماڵپەر

https://awazhome.com/

## ڕاهێنانە کردارییەکان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی فرۆشتن

ئەم بەشە پێکهاتووە لە گرنگترین ڕاهێنانە کردارییەکانی ناو خولەکە کە بەشداربووان دەبێت ڕاستەوخۆ لەناو بزنسەکانیاندا جێبەجێی بکەن. ئامانج لەم ڕاهێنانانە ئەوەیە کە تەنها گوێگرێکی ئازاد نەبیت، بەڵکو بە شێوەیەکی کرداری هەنگاو بنێیت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی فرۆشەکانت لە دۆخی نارِوونیدا.

**زۆر زۆر گرنگە ئەم ڕاهێنانە:**

سەرەتا پێویستە پێناسەیەکی وردی دۆخی سەخت و قەیران بکەیت کە ئێستا ڕووبەڕووی دەبیتەوە(واتە ئەو قەیران و کێشانەی ئێستا لە فرۆشتن و بزنسەکە هەیە کە دەبێت بە پێی ئەولەویەت چارەسەریی بکەیت بۆ ئەوەی وانەکان و ڕاهێنانەکان بکەیت.)

1-.............

2-.............

3-.............

یان زیاتر ...

## ١- ڕاهێنانی هاوسۆزی و ناسینی ترسی کڕیار

### ئامانجی ڕاهێنان

تێگەیشتنی قووڵ لە باری دەروونیی کڕیارەکانت بۆ دروستکردنی هاوسۆزی و ئارامکردنەوەی مێشکیان.

### هەنگاوەکانی جێبەجێکردن

- **هەنگاوی یەکەم:** لە دەفتەرەکەتدا بنووسە: لەم کاتەدا گەورەترین ئاڵنگاریی فرۆشتنی بزنسەکەت چییە؟.
- **هەنگاوی دووەم:** بیر بکەرەوە و بنووسە: کڕیارەکەی تۆ ئێستا بە دیاریکراوی لە چی دەترسێت؟.
- **هەنگاوی سێیەم:** خۆت بخەرە جێگەی کڕیارەکەت و وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە: "ئەگەر من لە جێگەی کڕیارەکەم بوومایە، بۆچی ئێستا ئەم بەرهەمەم نەدەکڕی؟".

### (نموونەی ڕوونکردنەوە)

لەوانەیە بنووسیت: "کڕیارەکەم دەترسێت پارەی کاشی لێ ببڕێت و نەتوانێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی دابین بکات، یان دەترسێت بەرهەمەکەم لەم کاتەدا بە کەڵکی نەیەت". کاتێک ئەمە دەزانیت، دەتوانیت باشتر یارمەتیی بدەیت و بە لۆژیک ڕازی بکەیت.

## ٢- ڕاهێنانی داڕشتنەوەی پەیامی فرۆشتن

### ئامانجی ڕاهێنان

گۆڕینی تۆن و ئاوازی پەیامە ڕیکلامییەکانت بۆ ئەوەی لەگەڵ باری دەروونیی قەیراناوی خەڵکدا بگونجێت و هەستی بێزاری لای کڕیار دروست نەکات.

### هەنگاوەکانی جێبەجێکردن

- **هەنگاوی یەکەم:** ئەو پەیامە یان ستۆرییەی کە ئێستا بۆ فرۆشتن بەکاری دەهێنیت لەسەر کاغەزێک بنووسە.
- **هەنگاوی دووەم:** پەیامەکە دابڕێژەوە بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشە چوار قۆناغییە:

١. **هاوسۆزی:** دەست پێ بکە بە دەربڕینی تێگەیشتن لە بارودۆخەکە.

٢. **پێناسەکردنی کێشە:** ئاماژە بەو کێشەیە بکە کە ئێستا کڕیار هەیەتی.

٣. **دۆزینەوەی ڕێگاچارە:** بەرهەمەکەت وەک چارەسەرێکی گونجاو پێشکەش بکە.

٤. **بانگهێشتکردن بۆ کردار (CTA):** داوای لێ بکە هەنگاو بنێت بێ ئەوەی فشاری لێ بکەیت.

### (نموونەی ڕوونکردنەوە)

"دەزانم لەم بارودۆخەدا خەرجکردنی پارە قورس بووە (**هاوسۆزی**). زۆرێک لە کڕیارەکانمان نیگەرانی بەرزبوونەوەی نرخەکانن (**کێشە**). لەبەر ئەوە، ئێمە پاکێجێکی هەرزانترمان ئامادە کردووە تا بێ کێشە بەردەوام بن (**ڕێگاچارە**). ئەگەر حەز دەکەیت، پەیوەندیمان پێوە بکە بۆ بینینی پاکێجەکە (**بانگهێشت**)."

### ٣- ڕاهێنانی چالاککردنەوەی کڕیارە کۆنەکان (Retargeting)

**ئامانجی ڕاهێنان**

بەدەستهێنانی خێراترین فرۆش لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە پێشتر متمانەیان پێت کردووە، بۆ دابینکردنی پارەی نەختینەیی (کاش) بۆ بزنسەکەت.

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردن**

- **هەنگاوی یەکەم:** لیستی ناو و ژمارەی تەلەفۆنی **١٠٠ کڕیاری پێشووت** دەربهێنە و بیانووسە.
- **هەنگاوی دووەم:** سیناریۆیەک ئامادە بکە کە تەنها بۆ هەواڵپرسین بێت یان پێشنیارێکی زۆر تایبەتیان بۆ بنێرە.
- 
- **هەنگاوی سێیەم:** دەست بکە بە پەیوەندیکردن پێیانەوە تەنها بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی و خستنەڕووی پێشنیارە تایبەتەکە بێ ئەوەی فشاری کڕینیان لێ بکەیت.

## ٤- ڕاهێنانی بەبازاڕکردنی فرەکەناڵی (Omnichannel)

### ئامانجی ڕاهێنان

دوورخستنەوەی مەترسیی پشت بەستن بە تەنها یەک کەناڵی فرۆشتن (وەک ئینتەرنێت یان ئینستاگرام) و دۆزینەوەی سەرچاوەی تری فرۆشتن.

### هەنگاوەکانی جێبەجێکردن

- **هەنگاوی یەکەم:** لە دەفتەرەکەتدا بنووسە: جگە لەم کەناڵانەی ئێستا بەکاریان دەهێنیت، چەند کەناڵی تری فرۆشتنت هەیە؟.
- **هەنگاوی دووەم:** لیستێک لەو کەناڵە نوێیانە بنووسە کە دەتوانیت لە سبەینێوە تاقییان بکەیتەوە. بۆ نموونە:
  - پەیوەندیی تەلەفۆنی.
  - ناردنی کورتەنامە (SMS)ی ئامانجدار.
  - فرۆشتنی ڕێکخراوەیی و کۆمپانیاکان (B2B).
  - داواکردن لە کڕیارەکانت بۆ ناساندنت بە خەڵکی تر (ڕاسپاردن).

## ٥- ڕاهێنانی پاککردنەوەی بۆریی فرۆشتن (Pipeline)

### ئامانجی ڕاهێنان

وازهێنان لە بەفیڕۆدانی کات و وزە لەگەڵ ئەو کڕیارانەی کە ئامادە نین بۆ کڕین، و تەرخانکردنی تەواوی سەرنج بۆ کڕیارە گەرموگوڕەکان.

### هەنگاوەکانی جێبەجێکردن

- **هەنگاوی یەکەم:** سەیری سیستەمی فرۆشتنەکەت یان لیستی کڕیارەکانت بکە.
- **هەنگاوی دووەم:** ئەو کڕیارانەی کە ناگونجێن، حەزیان لێ نییە، یان پێشتر پارەیان نەداوە و کاتت دەگرن، مۆرکێکیان (Tag) لێ بدە و لە پێشینەی کارەکانت لایان ببە.
- **هەنگاوی سێیەم:** بەم کارە بۆریی فرۆشتنەکەت وەک دەمارێکی خوێن لەو کڕیارە بێکەڵکانە پاک بکەرەوە کە دەبنە هۆی "تەنگژە" و ڕێگری لە هاتنی فرۆشی نوێ دەکەن.

بۆ ئاگاداربوون لە کارو چالاکییەکانمان:

